ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## کورتەڕێ دروستکردن لە ویندۆز.

نووسەر: @:

لێرەدا چۆنیەتی دروستکردنی کورتەڕێ بۆ پرۆگرام و پەڕگەو ،،، کان شیدەکەمەوە، لەوانەیە شتێی گرنگ نەبێت بۆ هەمووان، بەڵام بۆ کات پاشەکەوتکردنی یارمەتێدەرێکی زۆر چاکە، چەندین کرتەت بۆ دەکاتە کرتەیەک.

بۆ نموونە دەمانەوێ کە ئیکۆنی CD Drive ـی کۆمپیوتەرەکەمان بهێنینە نێو ڕووپەڕی کۆمپیوتەرەکەمانەوە لە باتی ئەوەی کە بەچەند کرتەیەک بکەینەوە، ئەو کات دەتوانین تەنیا بە یەک کرتە بیکەینەوە.

کرتە بکە لە سەر شوێنێکی خاڵی لە سەر ڕووپەڕی کۆمپیوتەرەکەت و پاشان New و لەلیستەکەدا Shortcut,




پاشان پەنجەرەیەکمان بۆ دەکرێتەوە ئێستا دەبێ ئەو پرۆگرامە یان پەڕگەیە دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی ڕێگەکە بۆ گەیشتن پێی کورت بکەینەوە، لەسەرەوە باسمان لەوە کرد کە بۆ CD Drive کورتەڕێ دروست بکەین،




کرتە دەکەینە سەر Browse و پاشان CD Driveـی کۆمپیوتەرەکەمان هەڵدەبژێرین،




OKکرتە بکە،




وەک لەسەرەوە ڕوونە لە نێو لاکێشەی تەنیشت Browse ـەوە ناوونیشانی ئەو شوێنەمان بۆ دەردەکەوێت کە کورتە ڕێمان بۆ دروستکرد، ئێستا Next کرتە بکە بۆ بەرەو پێشەوە چوون،




وەک لە پەنجەرەی سەرەوە ڕوونە ئێستا ناوێک بۆ ئەو کورتەڕێیە دەنووسین کە لەژێر ئیکۆنەکەیەوە دەردەکەوێت، کۆمپیوتەر خۆی ناوی دروستی بۆ هەڵدەبژێرێ و پێم وایە پێویست بە دەستکاری ناکات ئەگەر شتێکی تایبەت نەبێت، کرتە بکە سەر Finish بۆ تەواوکردنی ئەو ئیشە.

چاوێک بکە لە ڕووپەڕی کۆمپیوتەرەکە، دەبینی کە ئیکۆنی CD Drive ـەکە لەوێیەوە دەتوانی بە دووکرتە بکەیتەوە .

کۆتایی.

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت